شاناز ئیبراهیم: سەروەری عەراق لەمەترسیدایە کەسیش قسە ناکات

شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، خانمی یەکەمیی عەراق سەبارەت بە لەشکرکێشی و بەردوومانەکانی سوپای تورکیا بە خاکی هەرێمی کوردستان و بەزاندنی سەروەریی دەڵێت: "سەروەریی عەراق لە مەترسیدایە، کەسیش قسە ناکات؟ پێشێلکارییەکی گەورەی یاسای نێودەوڵەتی هەیە، هەزە چەکدارەکانی سەربە دەوڵەتێکی دراوسێ خاڵی پشکنین لەسەر خاکەکەمان لە دهۆك دادەنێن و هاتوچۆ دەکەن".

شاناز ئیبراهیم ئەحمەد لە تەڵەی کەمەایەتی ئێکس نوسیویەتی، خێکی ناوچەکە هەست بە ترس و دەڵاوکە دەکەن لە سایەی بەردوومان و تەقەی بەردەوام، زەرەك لە خێکی ئەو ناوچەیە باس لەوە دەکەن، کە ئاگادارکراونەتەوە لەوەی دەبێت ماڵکانیان لەماوەی 24 سەعاتدا چۆڵ بکەن، ئەگەر پابەند نەبن، ئەوا بە زەرەملە رادەگوێزرێن و لەژێر بەردوومانی بەردەوامدا دەبن.

شاناز ئیبراهیم ئەحمەد ئاماژەی بەوەکردوە، لەکاتێکدا بەغداد و هەولێر کەمپی ئاوارەکانی ناوخۆ دادەخەن، پێیانوایە باشترە بگەڕێنەوە ماڵوحاڵی خۆیان، بەڵام ئێستا لەبەردەم قەیرانێکی نوێی ئاوارەبونداین لە دهۆك.

شایەنی باسە، لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوو تورکیا لەشکرکێشی چەی هەزەکانی بە ناوچە جیاجیاکانی

پارێزگای دهۆک کرد، بەبیانووی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئێم لێشکرکێشی و بەردوومانانە بووە هۆی ئاوێربوونی دێیان گوند.

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخێی و هەزێکانی لە پارێزگای دهۆک و ڕۆژهەڵاتی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لێکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ڕێکخراوەی CPT، دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شنگال کراونەتە ئامانج.